www.kurdistannet.org
18-4-2006 0:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرپرسان و هونەرمەندان و هاوڕێیان، تاکەی ئاوڕی دڵسۆزانە لە ئازاد خانەقینی نادەنەوە ... ڕێژین ابراهیم

rezhen_4ever@yahoo. com



ئەگەر چی لەژیاندا هونەر بۆ خۆی جیهانێکی تایبەتی هەیە هونەری مۆسیقاو ووتنی گۆرانیش بێبەش نیە لەو جیهانە، لە دنیای پڕ لەجوانیو پڕ لە خۆشەویستی پڕ لە ئاوازی قەشەنگ، هەر لە ڕێگەی مۆزیك و هونەرەوە دەتوانین خۆمان بناسێنین بەجیهان دیارە ئەدەبو هونەری هەرووڵاتێکیش بۆ خۆی پێناسەیەکی ئاکتیڤی ئەو میللەتەیە، لەم ووڵاتەشدا چەندین کەسانی هونەردۆست و شارەزامان هەیە، بەڵام بەداخەوە کە بەتەنها لەکاتی مردندا بەبیر دێن، ئەکرێت بڵێین ئێرە ووڵاتی زیندو کوژو مردوو پەرستن، دیارە ماوەیەك لەمەو بەر هونەرمەندی گەورەی کورد ئازاد خانەقینی توشی نەخۆشیەکی کتو پڕ بوو ئەویش بەلێدانی جەڵدەی دەماخ کە بوە هۆی لە کار کەوتنی چاوێکی ڕۆژنامەی هەواڵیش لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە توانی لەنزیکەوە چاومان بە هونەرمەند ئازاد خانەقینی بکەوێت بیدوێنین ئەگەرچی لەسەرەتادا ئارەزووی ئەوەی نەدەکرد کە چاوپێکەوتن بۆ هیچ شوێنێچك بکات بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیمان بیدوێنین، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند بۆ ماوەیەکی دوورە لە هونەر دوور کەوتۆتەوەو بۆ جارێکی تر ئارەزووی ناکات لە هونەری گۆرانی ووتن نزیك ببێتەوە، هونەرمەند ئازاد وەهاب عبدلرحمان لەدایکبووی 1959 لەشاری خانەقین، لەساڵی 1972 بۆیەکەم جار چۆتە سەر شانۆو لەڕۆژی 1یەکی ئایاردا ڕۆژی کرێکارانی جیهان گۆرانی ووتوە، هەروەها هونەرمەند ئەندامە تیپی مۆسیقای خانەقین بووە و 3 بەرهەمی لەگەڵ ئەو تیپە تۆمار کردووە لە ساڵانی 1976 و 1977 و 1979.... هتد لەزۆر بەی بۆنەو ئاهەنگەکاندا بەشداریەکی بەرچاوی هەبوە، هونەرمەند لە ساڵی 1980 لەگەڵ تیپی مۆسیقای شەهید کارزاندا وەك ئەندامێکی کارا لەبەرهەمە تۆمار کراوەکانی ئەو تیپەدا بەشداربووە هەروەها لەهەموو ئاهەنگ و بۆ نەکان لەسەردەمی خەباتی چەکداری بەشدار بووە هونەرمەند بە تەنها هونەری گۆرانی خزمەتی گەلو نیشتمانی نەکردووە بە ڵکو بە چەکیش بەشداربوە لە خەباتی نیشتمان پەروەریدا، هەروەها لەو قوناغەدا خاوەنی چەندجین سروودی شۆڕشگێرانە و گۆرانی سیاسی و فۆلکلۆری بووە لە پاشادا هونەرمەند قۆناغەکانی ژیانی بەمشێوە بە بەسەر بردوە، لەپاش ڕاپەڕین و لەشار، لەگەڵ زۆربەی تیپە هونەرمەندە مۆسیقیەکانی شاری سلێمانی دا بەشداری کردووە لەزۆر بەی



ڤیستیڤاڵەکاندا بەشداری بەرچاوی هەبووە، تاقە نوێنەری گۆرانی کەلهوڕی بووە و بە شێوەزمانە زۆربەی گۆرانیەکانی ناوچەکانی خانەقین و کرماشان پاراستووە و نوی کاری تێدا کردووە... هەروەها ئازاد خانەقینی خاوەنی یەکەمین کۆنسێرتی گۆرانی بووە لەساڵی 1997 بەناوی (دیمانەی عاشقان) ، هەروەها یەکەمین قەصیدەی کردووە بەگۆرانی بەناوی (وەزە ئاڵەکانی عەدەم) لە ئاواز و ووتنی خۆی بووە... کە بۆ ئەنفال ووتویەتی کە شعری جەمال غەمبارە و دابەشکردنی ماموستا (عادل محمد کریم) بووە.... ئەگەر چی هونەرمەند بەم هەموو کارە جوانانەیەوە کە هەرلەسەردەمی منداڵیەوە لە خەباتی

شاخو دواتر لە ناو شاردا چەندین گۆرانیو ئاوازی بە جۆشی پێشکەش کردوە بەڵام بەداخەوە لەئێستادا بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە کە ئێستا لەماڵەوە یە کە کەسێك لە هاورێیانی سەردانیان نەکردووە لەگەڵ ئەو هەموو نەخۆشیەی ئەو ڕێکخراوو ناوەندە حکومیانە هەر سەردانیشیان نەکردووە، ماوەیەك لەمەوبەر بەهۆی ئەو نەخۆشیە کتو پرەوە کە بووە هۆی لەدەست دانی چاوێکی، ئێستاش دوویارە نەخۆشیە کتو پرەکە لێیداوەتەوە و ئێستا لەژێر چارەسەری پزیشکدایە بەهیوایین بۆ جارێکی تر بێتەوە نێو دونیای هونەرو ئەدەبی کوردی، لەلایەن خۆمەوە هیوای چاك بونەوەی بۆ دەخوازم ئەم ووێنەیەش ئەو کاتەیە ماوەیەك بەر لەئێستا کە جەڵدەی یەکەم لێیدا چوومە لای بەداخەوە ژیانی زۆر لەمەترسیدا بوو ئێستاش لەشا ری سلێمانی لەژێر چاودێری پزیشکدایە، ئومێد دەکەم دووبارە چاك ببێتەوە سوپاس